وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری

بەش: ئابووری

بابەت: هەڵسەنگاندنی پرۆژە ئابووریەکان

قۆناغ: چوارەم

ڕێکەوت: 11 \ 6 \ 2019

کات: 3 کاتژمێر

پرسیارەکانی

تاقیکردنەوەی کۆتایی– خولی یەکەم

2018 – 2019

---

**پ1:** ( 20 نمرە)

ئەم زانیاریانەی خوارەوە تایبەتە بە پرۆژەیەکی پێشنیارکراو بۆ بەرهەمهێنانی زەیتی گەنمە شامی، داواکراو : بڕیارێك بدە بە پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی پرۆژەکە بەپێی پێوەری تێکرای دەسکەوتی ناوخۆیی ، بۆ زانین نرخی سوو لە بانکە بازرگانیەکان بریتییە لە (12٪)، ئەنجامی لێکولینەوەکان ئاماژە بەم زانیاریانەی خوارەوە دەکەن:

1- تەمەنی پرۆژەکە (19) ساڵە و دامەزراندنی پرۆژەکە(12) مانگ دەخایەنێت، دواتر کاری ئیشکردنی تەواو دەست پێدەکات هەر لەسەرەتای سالی دووەوم تا کۆتایی تەمەنی پرۆژە.

2- بەهای تێچوونەکانی وەبەرهێنانی پرۆژە(پێداویستیەکانی بیناو دامەزراندن) دەخەملێندرێت بە (12000) هەزار دولار کە بریتیە لە بەهای (تێچوونە سەرەتاییەکانی پێش دامەزراندن، بیناکردنی بالەخانەو دامەزراوەکان، کڕین ودانانی ئامێرو مەکینەکانی هێلی بەرهەمهێنان، تێچوونی هۆکارەکانی گواستنەوە، تێچوونی کەلە وپەل وئەساس، .....هتد) .

3- توانای بەرهەمهێنانی رۆژانەی پرۆژە دەخەملێندرێت بە(10000) لیتر لە زەیتی گەنمە شامی لەرۆژێکدا، بۆ زانین ژماری رۆژانی کارکردنی فیعلی لەهەر ساڵێکدا (300) رۆژە.

4- تێکرای تێچوونی (بەرهەمهێنان)ی یەك لیتر زەیت دەخەملێندرێت بە (1.4) دولار لە هەر ساڵێك لە ساڵانی (2-11) بەڵام بۆ هەر ساڵێك لە ساڵانی (12-19) دەخەملێندریت بە (2.3) دۆلار.

5- تێچوونی (بەگەر خستن وچاکردنەوە)ی پرۆژە دەخەملێندرێت بە:

ساڵی یەکەم =(سفر)، هەر ساڵێك لە ساڵانی (2-11) = (10000) دۆلار ، بەڵام بۆ هەر ساڵێك لە ساڵانی (12-19) دەخەملێندرێت بە (15000) دۆلار.

6- تێچوونی گۆڕین و لەشوێن دانانی مەکینەو ئامێرەکان دەخەملێندرێت بە (3000) هەزار دۆلار ، وە لەبەر ئەوەی کە ڕێژەی داخوران بە 10٪ مەزەندە دەکرێت، بۆیە گۆڕینی ئەو ئامێرانە لەساڵی(11)ی تەمەنی پرۆژە دەبێت.

7- نرخی فرۆشتنی چاوەروانکراوی یەك لیتر دەخەملێندرێت بە (2) دۆلار لە هەر ساڵێك لە ساڵانی (2-11) بەڵام بۆ هەر ساڵێك لە ساڵانی (12-19) دەخەملێندرێت بە (3) دۆلار

8- بەهای پاشماوەی پرۆژە لە کوتایی تەمەنی دەخەملێندرێت بە (6500) هەزار دۆلار

9- پشت بەستراوە بە دوو نرخی داشکانی (12٪) و (17٪) بۆ داشکاندنی هەلقولاوە نەختینەیەکانی پرۆژە، ئەم خشتەیەی خوارەوەش بەهای نرخی داشکانی هەردوو نرخ پیشان دەدات بۆ هەر ساڵێك لەساڵكانی تەمەنی پرۆژە.

| (ساڵانی تەمەنی پرۆژە) | نرخی داشکانی 12٪ | نرخی داشکانی 17٪ |
|---|---|---|
| ساڵی یەکەم (1) | 0.8929 | 0.8547 |
| تێکرای نرخی داشکان بۆماوەی (2-10) | 0.5286 | 0.4227 |
| ساڵی یازدەهەم (11) | 0.2875 | 0.1778 |
| تێکرای نرخی داشکان بۆماوەی (12-19) | 0.1785 | 0.0935 |
| | 0.1161 | 0.0506 |

ماویەتی بنوارە لا پەڕەی دواوە

**پ2:**

ئەگەر تێچووی نەگۆڕی پرۆژەیەکی پیشەسازی لەساڵێکی کارکردن(10000) دۆلار بێت و تێکرای تێچوونی گۆڕای تەنێکی بەرهەم (30) دولار بێت، لەکاتێکا تێکرای نرخی فرۆشتنی تەنێکی بەرهەم (50) دولار بێت، داواکراو: ( 10 نمره)

1– خاڵی یەکسانی بدۆزەرەوە

2- بەهای بەرهەم چەندە لە خاڵی یەکسانی.

3- ولامەکەت پاڵ پشت بکە بە وێنەی بەیانی

**پ3:**

خشتەی خوارەوە بری بەرهەم و نرخ و تێچوونی خەملێندراوی پرۆژەیەك ڕوون دەکاتەوە ، هەروەها پێشبینی دەکرێت تێچوونی سەرەتایی پرۆژەکە(40000) دۆلار بێت ، داواکراو: ( 10 نمره)

1- تێکرای داهاتی سادەی پرۆژە بدۆزەرەوە

2- ماوەی گەڕاندنەوە سەرمایەی پرۆژە بدۆزەرەوە.

3- ئایا پێشنیار دەکەیت پرۆژەکە دابمەزرێ یاخود نا ئەگەر نرخی سوو لە بانکە بازرگانیەکان (10٪) بێت؟

| ساڵانی تەمەنی پرۆژە | بڕی بەرهەم (تەن) | نرخی یەکەیەکی بەرهەم دۆلار | تێکرای تێچوونی یەکەیەکی بەهەم دۆلار |
|---|---|---|---|
| 1 | 1000 | 20 | 10 |
| 2 | 1100 | 30 | 20 |
| 3 | 1200 | 40 | 30 |
| 4 | 1300 | 50 | 40 |
| 5 | 1400 | 60 | 50 |

**پ4:** تەنها وەلأمی چوار لق بدەرەوە : ( 20 نمره)

A- وێڕای بوونی جیاوازی لەچەمك و پێناسەکانی پرۆژەی ئابووری، بەلأم هەموویان لە کۆمەڵێك ڕەگەز بەشدارن، ئەو ڕەگەزانە چین؟

B-لێکۆڵینەوەی کەڵکی هونەری- ئابووری فرەوان چەندین بڕگە و بابەت ولێکۆلینەوە لەخۆ دەگرێت. گرنگترین ئەو بڕگەو بابەت و لێکۆلینەوانە چین؟

C-ئەو لێکۆڵینەوانەی ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان و شارەزانایانی پیشەسازی ئەنجامیان داوە سەلماندوویانە، کەوا دامەزراندنی پرۆژەیەکی پیشەسازی لە ولأتانی جیهانی سێیەم پێویستی بە سەرمایەی زیاترە لەپرۆژەیەکی هاوشێوەی لە ولأتانی پیشەسازی پێشکەوتوو لەبەر چەندین هۆ . ئەو هۆیانە چین؟

D- پیوەری چڕی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان بەچەندین کەم و کوورتیەوە دەنالێنێ. گرنگترین ئەو کەم و کوورتیانە چین؟

E-چەندین گۆڕانکاری چاوەڕوانکراو هەن کە کاریگەرن لەسەر داهاتووی هەر پرۆژەیەکی پێشنیار کراو، بۆیە پێویستە شیکردنەوەی هەستیاری بۆئەنجام بدەدرێت. گرنگترین ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوانە چین؟

﴿ بەهیوای سەرکەوتن ﴾

| | | |
|---|---|---|
| د. یاسین عثمان عبدالله | د.بختیار صابر محمد | د.یاسین رسول یونس |
| سەرۆکی بەش | مامۆستای بابەت | مامۆستای بابەت |